# شەماڵ عەلی هەرگیز نایەوێت فێر بێت

حامید ئەیوب
31.10.2004

لە ڕۆژی 2004/10/27 لە سایتی دەنگەکاندا شەماڵ عەلی نووسینێکی دوو لاپەڕەیی کە گوایە وەڵامە بە جەمال عەبدوڵڵا ناوێك و ئەحمەد موعین بڵاوکردەوە. لە دوا دێری بەناو وەڵامە پڕ لە داهێنانەکەیدا بە دوو ووشە کۆتایی پێهێناوەو نووسیویەتی (ئیتر بەسە). واتە دەیەوێت پێمان بڵێ هۆ خەڵکی دەرەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کەسانی نەیارو ڕەخنەگر بە ئێمە ئیتر بەسە و توانامان نەماو پەتی تەحەمولمان پچڕا، کەم ڕەخنەمان لێبگرن، چونکە ئێمەی کۆمۆنیزمی کرێکاری چیکڵدامان زۆر بچووکە، بەرگەی هیچ جۆرە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنێك ناگرین و ناتوانین قبوڵی هیچ کەسێکی ناڕازی و ڕەخنەگر بە خۆمان بکەین، ئەمە ئەو پەیامە پیرۆزەیە کە شەماڵ عەلی دەیەوێت لە کۆتایی نووسینەکەی دا پێمان ڕابگەیەنێت. بەدەر لە وەش دەیەوێت بە ئیحائو شاراوەیی یەوە ئەوەش بڵێ ، خۆ ئەگەر ئێوە هەر بەردەوام بن لە ڕەخنە تیژەکانتان ئەوا ئێمە قۆڵی لێ هەڵدەماڵین و ڕیسواتان دەکەین ناهێڵین پشوو و هەناسەیەکی هێمنانە بدەن.

لە ڕاستیی دا ئەندامانی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەتا زیاتر بێنە قسە زیاتر ماهیەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن و ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان زیاتر دەردەخەن. هەموو ئەو ئەدەبیات و نووسراوانەی کۆمۆنیزی کرێکاری کە تایبەتە بە وەڵام دانەوە بە ڕەخنەگرانیان هیچ نەبووە جگە لە ڕستێك تەوهین و تەشهیر و درۆکردن و سازکردنی فەزایەکی نا تەندروست بۆ وتووێژکردن، هەربۆیە وەڵامە پڕ حەکیمانەکەی ئەم جارەی شەماڵیش بە دەر نی یە لەم چوارچێوەیە.

من ئەوە باش دەزانم کە کاری ئسوڵی و وتووێژ و دیالۆگی شارستانیانە لە گەڵ کەسانێك دەکرێت کە خۆیان و ئەو بیرەی هەڵیانگرتووە ئسوڵی و هاوچەرخ بن، بەڵام بە داخەوە لە بەر ئەوەی کۆمۆنیزی کرێکاری و قسەکەران و قەڵەم بەدەستانیان لە دەرەوەی ئەم یاسایەن، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ دێت وەڵامیان دەداتەوە، بەناچاری دەکەوێتە شوێنێکەوە لە کاتی وتووێژەکاندا کە هیچ مەیل و ڕەزامەندی خۆی لەسەر نی یە، چونکە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەندە بە زمانی بازاڕی و هەجووئامێز و ئاست نزمی دەنووسن، هەربۆیە لەسەرەتای سەرەتاکانەوە ناچار بەوەت دەکەن کە بەهەمان زمانێك بدوێیت کە خۆیان پێی دەدوێن، ناچاری بە زمانێك بنووسی کە ئەقڵی ئەوان تێی دەگات، ناچاری بە زمانێك قسە بکەیت کە دەمکوتیان بکات، واتە لە دواجاردا دەبێت بە هەمان زمانی زبر و ڕووشێنەر و ڕەق بنووسێت، کە ئەو

زمانەش بە هیچ جۆرێك مەیل و ئاررەزووی من نی یە و وە هیچ کاتێکیش دڵخوازی نەبووم، بەڵام وەکو وتم ناچارم بە هەمان زمانە پیسەکەی ئەوان بدوێم، بۆ ئەوەی لایەنی کەم کەسانی سەر بەکۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێز و حورمەتی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن کە چەندەیە.

بەم دەلیلانە من پێش وەخت داوای لیبوردێکی ئێجگار زۆر لە خوێنەران دەکەم، کە بە زمانێك ئەم نووسینە دەنووسم توند و خەشنە. لە هەر حاڵدا دەگەڕێمەوە سەر نووسینە نووشتەئامێزەکەی شەماڵ و چەند و قسەیەکی لەسەر دەکەم.
سەبارەت بەو جەمال عەبدوڵلا ناوەی کە چەند دێرێکی بۆ تەرخان کردووە، لە ڕاستی دا من نە نووسینی کەسی ناوبراوم خوێندۆتەوەو نەدەشی ناسم، هەربۆیە ناتوانم هیچ پێشداوەری یەك لە سەر ئەو نووسینە بکەم و سەرنجی خۆمی لەسەر بدەم، هەرچی دەگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەمی کە گوایە وەڵامێکە بە ئەحمەد موعین، ئەوە بە ئەرکی خۆم دەزانم کە هەندێك ڕاستی باس بکەم و خاڵەکان بخەمەوە سەر ووشەکان و هەر بە پەیوەند بە ویشەوە جەوهەری زیاتری دوژمنکارانەی شەماڵ و کۆمۆنیزمی کریکاری دەربخەم بەرامبەر بە نەیاران و ڕەخنەگرانیان بە گشتی و یەکێتی کۆمۆنیستەکانیش بە تایبەتی.
لەم دواییانەدا ترازان و لێك دابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی حککا و مشت و مڕ و هەڵلایەکی زۆر بەڵام لە ئاست و فەرهەنگێکی زۆر نزم دا بەرپا کرا و هەرچی ووشەی ناشیرین و دواکەوتوو و خراپ هەبوو، وەك پیشەی هەموو جارەیان بە یەکتریان ووت و حەیسیەتی ئینسانیبوونی یەکتری یان وورد و خاشکرد. ئەم جۆرە بەرخوردکردنە کە دیارە دواکەوتوترین بەرخوردە، بۆ هیچ کەس و لایەنێك بە تایبەتی بۆ ئێمە جێگای سەرسوڕمان و پرسیارو شەوکە نەبوو، جێی تێڕامان و سەرنج و لێووردبوونەوە نەبوو، ئەویش نە لەبەر ئەوەی کە ئەم جۆرە سوننەت و بەرخوردە ناشیرینانە جێکەوتەو نۆرماڵ بێت لە ناو عەقلیەتی گشتی خەڵکدا، نەخێر بەڵام لە بەر ئەوەی ئەمە یەکەم جار نەبوو لە تەمەنی سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا، کە بەم جۆرە نامەسئولانە و بێ پرەنسیبانە ڕەفتار بکەن، بەتایبەتی ئەوان خەرمانێکی بە بەرەکەتی زۆریان لەو مەیدانەدا هەیە. هەربۆیە ئەم جارەشیان بە شێوازی کۆنی ڕاهاتویان هەلوێستیان وەرگرتوو و دەم پیسی و درۆکردن و جەوسازکردن و هەڵلا نانەوەیان دووبارەکردەوە.
ئەمەش هیچ نی یە، جگە لە سوننەتە بێ هاوتا و بێپرەنسیبەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەو بە ناو کۆمۆنیزمەی کە چەندین فرسەخ لە ڕوح و فەلسەفەی مارکسیزم و مرۆڤایەتی وە دوورە. هەر چۆنێك بێت بە پەیوەند بەم جیابوونەوەو لێك هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە بۆ ماوەیەك بوو بە وێردی سەر زمانی بەشێك لەچەپی عێراقی و ئێران . لەم نێوەشدا یەکێتی کۆمۆنیستەکان، ئەندامان و کادیرانی بە ڕووحیەتێکی بەرزی سیاسی و بەبەرچاوڕۆشنی یەکی هەمەلایەنەو دوور

لە  هەر گۆشەگیری و دەمارگیری یەكی ڕێكخراوەیی هەڵوێستیان وەرگرتوو و بەم بۆنەیەشەوە سێ هاوڕێ ڕێكخراو لە گۆشەی جیا جیاوە بە لیاقەتێكی سیاسی بەرزەوە ئەم مەسەلەیان هەڵسەنگاند و قسەی خۆیان لەسەر كرد. بەڵام بە داخ و ئەفسوسێكی زۆرەوە ئەم جارەش كۆمۆنیزمی شەخسیەتها واتە كۆمۆنیزمی كرێكاری و دەروێشەكانی لە چەشنی شەماڵ نەیان توانی ئەمە قبوڵ بكەن یاخود ڕاستی بڵێم نەیان ویست فێربن و ڕەخنە بە سنگێكی فراوانەوە وەربگرن و گوێی بۆ ڕادێرن، دواتریش گەر پێویستی كرد وەڵامی هێمنانەو دوور لە تەوهین ئامێزی پێ بدەنەوە.
جارێكی تریش شەماڵ فرسەتی زێڕینی فێربوونی سەرەتاكانی ڕەخنەگرتنی لە كیس خۆی داو لە هەوڵێكی چەواشەكارانەو  ساویلكانەیدا كەوتە هێرش كردن و پەلاماردانی ئەحمەدموعین و یەكێتی كۆمۆنیستەكان. هەڵبەتە بۆ ئێمە و هەر چاودێرێكی جدی ڕۆشنە كە ڕابەرایەتی حككع بە چ ڕووحیەتێكی دوژمنكارانە چاو لە ئێمە دەكەن و چۆن تێمان دەڕوانن و وە چۆن ناواخنی پەنگخواردووی پیسیان كە پڕیەتی لەڕق و كینەی بێ بناوان، بەرامبەر بە ئێمە، بەهەمان ڕوحیەت و دیدەوە ، ئەم جارە شەماڵ هاتووە بەناو وەلامێكی ئاستنزم دەداتەوە، دەیەوێت شەڕی كۆنەقین بكات لە گەڵماندا. ئەو درۆنامەیەی كە شەماڵ نوسیویەتی ، یان وا خۆشترە لە بەر دڵی شەماڵ بڵێم ئەو وەڵامەی كە شەماڵ نووسیویەتی پێویست بەوە دەكات بە درێژی و هەمەلایەنانە وەڵام وەربگرێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی كە من بۆخۆم لە كاتی ئێستادا فرسەت و كاتی ئەوەم نی یە، هەر بۆیە تەنها ئیكتیفا بەوە دەكەم كە تەنها وەڵام بەو تەوهینانە بدەمەوە كە شەماڵ بە ئێمەی كردووە، تەنها وەڵام بەو درۆیانە بدەمەوە كە شەماڵ درۆی شاخداری كردووە، تەنها ئەو ڕاسیانە دەربخەم كە شەماڵ ویستویەتی بیانشارێتەوە، تەنها ئەو ڕووە ڕەشەی كۆمنیزمی شەخسیەتها ڕەشتر بكەم كە شەماڵ ویستویەتی سپی بكاتەوە...هتد.
هەڵبەتە دیارە هەمووو ئەمانەش وەك ووتم زۆر بە كورتی و خێرایی باس دەكەم.

ئەگەر تەمەن و كات ڕێی پێدام و هەلومەرج پێویستی كرد، ئەوكات لە شوێنی خۆیدا قسەی تریش دەكەم، بەڵام با ئەوەش بڵێم ئەمیشیان تەنها ئەگەرێكە لە ئەگەرەكان، ئەگەر كۆمۆنیزمی كرێكاری شوڵیان لێ هەڵكێشاو بێ تەربیەتی سیاسیان گەیشتە شوێنێك كە ئیتر بێدەنگ بوون بەرامبەری نیشانەی بێدەرەبەسبوون بگەیەنێت، ئەوكات وەك هەر ناچاری یەكی ڕۆتینی تری ژیانی شەخسی و سیاسیم ناچارم وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام وەكوو پێشتر ووتم  ئەمەیان تەنها ئەگەرێكە و  ئێستا لێی دەگەڕێین بۆ كات و ساتی خۆی.
شەماڵ دەڵێت(ئەو حیزبەی جیابوونەوەی لێكەوتەوە دەجاری تریش بەسەر خۆی دا دابەش بێت بچوكترین بەشی چەند بەرابەر جوڵانەوەو یەكێتی كۆمۆنیستەكان دەبێت). كاتێك شەماڵ ئەم قسەیە دەڵێت وەكو نەعامە سەری خۆی كردووە بەناو لم

دا و ئاگای لە دونیای دەرەوەی خۆی نەماوە، چونکە ئەگەر ئەو کەمێك هۆشی بەلای خۆی هەبوایە و چاوەکانی توند نەنوقاندایە، ئەوکات نەی دەتوانی هەروا ئاسان درۆیەکی وا گەورەوباڵدار بکات، بۆ چەپی عێراقی و ئێرانی ڕۆشنە کە تەواوی ئەو جیابوونەوەولێك دابڕانانەی کە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ڕووی داوە، بە تایبەت دابڕان و وازهێنانی ڕیزێکی زۆر بەرینی کادیرانیان لە ساڵی 1999 دا، وە دواتریش ئەم پۆلە کادرەکۆنانەی کۆمۆنیزی کرێکاری چەندەها گروپ و مەحفەلیان بۆ خۆیان دروست کرد، هەندێکیان بە ئاستی جۆراوجۆر کاری سیاسی خۆیان دەبەنە پێشەوە.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم بەشە جیاجیایانەی ئێستا هەن، کە پێشتر لق و پۆپی حککا بوون لە یەکێتی کۆمۆنیستەکان بە هێزتر و ڕێکخراوتر و چەندبەرابەرترن وەك شەماڵ ئیدیعای دەکات؟؟ بێگومان نەخێر، چ لە ڕووی ڕێکخراوەیی یەوە ئێمە تۆکمەو توند و تۆڵترین و چ لە ڕووی شەفافیەتی سیاسی یەوە ئیمە زۆر بەرچاو ڕۆشنترین، چونکە هەندێکیان هەتا ئێستاش بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆشخەیاڵی یەکان بەرامبەربە( کۆمۆنیزمی کرێکاری ) هەرماوە، یەك خاڵی زۆرگرینگتریش کە ئێمە لەوان بەهێزتر دەکات ئەویش ئەوەیە ڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکان تەواجودی ڕاستەقینەیان لە جوگرافیای عێراق دایە، واتە فیزیکیەن لە ناوەوە کار دەکەن و وەك ئەوانی تر تەنهاڕێکخراوێکی تەبعیدی نی یە، ئەمە خاڵێکی پرشنگداری ئێمەیە، ئەمەش تەنها قسەی ئێمە نی یە، بۆ ئەوەی ستایشی ڕێکخراوی خۆمانی پێ بکەین بەڵکو قسەی بەشێکە لەو باڵانەی کە لە حککا جیابوونەوەو ئێستا دان بەو ڕاستی یە دادەنێن. ئیتر من نازانم شەماڵ چۆن ئەم فاڵەی گرتەوەو بۆی دەرکەوت کە هەموو ئەو باڵانەی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری جیابوونەتەوەو جیاش دەبنەوە گەڵێك لە ئێمە بەهێزتر و بە تواناتر و چەندبەرابەرتر دەبن!! ئیتر ئەمەیان تەنها لە قودرەتی فالگرتنەوەی شەماڵ دایەو کەس ناتوانێت پەی پێبەرێت!! جگە لە مانەش کاتێك شەماڵ دەڵێت ( دەجاری تریش کۆمۆنیزمی کرێکاری بەسەر خۆیدا دابەش بێت هێشتا لە یەکێتی کۆمۆنیستەکان بەهێزتر دەبێت).

واتە شەماڵ دەیەوێت نوقڵانەی ئەوە لێبدات کە چەندها دابەشبوون و ئینشیقاقات و وازهێنانی تر بەڕێوەیە لەناو ڕیزەکانیاندا..دەك پیرۆزتان بێت و ئەم کالا بەنرخە ڕێك بە بالای ئێوەیە، ئیتر ئەمە نە قسەی منەو نە قسەی هیچ کەسێکی ترە، بەڵکو قسەی خودی شەماڵێکە کە ئەندامی سیاسی حیزبێکە کە بەبێ حیزبی حیکمەتیستی براگەورەیان ناوێرن پەنجە بەئاودابکەن!! ناشوکری نەبێت ئێوە وەکو گەڵای داری پایزانتان لێهاتوە ، هەرجارەو هەندێکتان لێ هەڵدەوەرێت بەڵام با لێگەڕێین و چاوەڕێ ی نوقڵانە شیرینەکەی شەماڵ بکەین و بزانین چەند ساڵی تر چەند کادر و ئەندامی دەرویش ئاسای ئێستایان دەبێتە قوربانی و پەتی تەحەمولیان دەپچڕێت و واز لە کۆمۆنیزمی شەخسیەتها دەهێنن، ئەمە زەمانە وەڵامی دەداتەوە.

شەماڵ لە دێرێکی تردا دەڵێت(من ئاماژە دەکەم بە یەك دوو مەسەلە لە نوسینەکەی احمەد معین دا ئەوانی تر بۆ دەسبەتاڵی یەکی تر هەڵدەگرم) .

پەندیك هەیە دەڵێت(کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات)، ئەم پەندە پڕ بە پێستی میتۆدی کۆمۆنیزمی کریکاری یە، چونکە هەتا بدوێن و بنووسن زیاتر و زیاتر نەخوێنەدەواری و بەدحاڵی بوون و تێنەگەیشتن و ماهیەتی خۆیانت بۆ دەردەخەن، چۆن؟؟ ئەوەتا شەماڵ بە ئاشکرا و بێپەردە دەڵێت( ئەوانی تر هەڵدەگرم بۆ دەستبەتاڵی یەکی تر)، واتە نوسین لای شەماڵ بەپرسیاریەتی و ئەرکێکی گرینگ نی یە، بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵە زۆرەکانەو تەنها بۆ بەسەر بردنی کات دەست دەداتە قەڵەم، ئیتر ئەمە جگە لە کارەساتی نووسین و بێ بەرپرسیارێتی نەبێت هیچی تر نی یە... ئاخر ئێوە هەمیشە ئەوەتان نووسی یە کە پێوست نەبوو بنوسرێت، هەمیشە ئەوەتان ووتووە کە شەرم بوو بگوترێت، هەمێشە وا هەڵوێستتان گرتووە کە پێچەوانەکەی دروست بووە، بەڵام ئاخ خ چی دەڵێیت لەگەڵ کەسێك کە نووسین تەنها وەکوو سێڕسکێن و دامەکردن سەیر دەکات و بۆ کات بردنە سەر و دەست بەتاڵی پەنای بۆ دەبات.

لە شوێنێکی تردا شەمال دەبێژێ(سادەترین حوکم لە جیدالی نێوان چەپە تەقلیدی یەکان لە وڵات و ناوچەکانی ئێمە نۆکەرایەتی بۆ بۆرژوازی و خیانەت کردنی دەیان حوکمی تەکفیری تربوون)، هەروها لەسەر هەمان ڕیتم دەڕوات و دەبێژێت(ئەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری یە کە هەر چەشنە شێوازێکی غەیرە سیاسی و هەتکی حورمەتی ئەفرادی لە جەدەلی سیاسی دا مەحکوم کردووە). پێش ئەوەی وەڵام بەم دوو کورتە دێرە پڕ لە درۆیەی شەماڵ بدەمەوە، وا پێویست دەکات نموونەو بەسەر هاتی کابرایەکی درۆزن باس بکەم، بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕۆشنتر دەرکەوێت. جارێك بە کابرایەکی دۆزن دەڵێن تکایە ئیتر بەسە درۆکردن و هیچ نەبێت بۆ جارێك چی یە ڕاستی بڵێ، ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەڵێت(بڕیاربێت ئیتر بە غەیری ڕاست هیچی تر بە دەمم دا نەیەت بەڵام دواتر کە پرسیاریان لێکرد و پێیان گوت تۆ لە ژیانتا چ شتێکت هەرگیز نەکردووە؟ یەکسەر و بێ دوودڵی گوتی درۆکردن)...

شەماڵیش وەك ئەم کابرا درۆزنەکەی لێهاتووە لە حاڵێك دا بە شان و باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا هەڵدەدات کە گوایە توانیویەتی شیوازی مۆدێرن و سیاسی لە ناوچەکە بهێنێتە ئاراوەو هەتکی حورمەتی ئەفرادی مەحکوم کردووە، لە حاڵێك دا چ ئێمەو چ هەموو کەسێك بە خودی شەماڵ خۆشیەوە باش دەزانن هەر لە بنەڕەتەوە درۆن و بونیان نییە!! چۆن؟ چونکە ئەوە تەنها ڕابەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون بە نەیارانی خۆیان دەگوت پیاوەکانی جمهوری ئیسلامی، پێیان دەووتن خوردادی یەکان، پێیان دەووتن نوێنەری بۆرژوازی و ...هتد. بەڵام بۆ ئەوەی ئێمەش وەکوو شەماڵ هەر تەنها قسە فڕێ نەدەین و خوێنەریش باشتر لە مەبەستمان حاڵی بێت

ئەوا پێویست دەکات کە بە بەڵگەو فاکتەوە قسە بکەین، بەخاتری هەرچی زیاتردرۆکان و دەستی شەماڵ کەشفتر بکەین.
ئایا شەماڵ ئاگای لەوە نی یە ئەندامێکی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی لە ساڵی 1996دا بە هاوڕێیانی پاڵ دەستی خۆیان گووت

:(ئێوە پیاوی بەعسن و نۆکەری جەلالٚ تاڵەبانین!! ئەویش تەنها لە بەر ئەوەی ئەو هاوڕێیانە ئامادە نەبوون مل بە سیاسەتە غەیرەکۆمۆنیستی یەکانی ڕابەرایەتی حیزبی عێراقی بدەن!
هەر بۆیە ئەو هەموو تەوهین و بێحورمەتی یە بە شەخسیەتیان کرا.ئەگەر شەماڵیش هەر بڕوا ناکات کە شتی لەو چەشنە لە ڕابەرایەتی کۆمۆنیزمە کرێکاری یەکەی ئەو ڕووی دابێت، ئەوا من ئامادەم ناوی ئەو ئەندام مەکتەبی سیاسییەو کۆمیتەی ناوەندی یەی پێ بڵێم و بشڵێم لە چ کۆبونەوەیەك و لە چ ڕۆژێك دا ئەم تەوهینە کراوە، هەروها دەتوانم ئەوەشت پێ بڵێم کە لە چ بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی حیزبیتان دائەو تەوهینانە بڵاوکرایەوە، تەنانەت ئامادەم ناوی بڵاوکراوە داخیلی یەکەت پێ بڵێم، بەڵکو ئامادەم ژمارەیەی ئەو لاپەڕەیەشت پێ بڵێم کە ئەوبێ حورمەتیەی تیاکراوە ...هتد
ئیتر بەسە کەمێك هۆشت بێتەوە سەرخۆت و هەتا کەی سەری خۆت لەناو لمەکە دەرناهینێنیت. خاڵێکی تردا کە شەماڵ ئاماژەی پێکردووە، مەسەلەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمەوە لەسەری ئەویشەوە دەیەوێت هێرشێکی ناڕەواو بێ بنەوان بکاتە سەر یەکێتی کۆمۆنیستەکان کە گوایە ئێمە دوای هەراو هوریای ناسیۆنالیستەکان کەوتوین و خۆشخەیاڵ بوین بەو بزووتنەوەیە. لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری هەرچی لە سەنتەری ئەقڵ و قەڵەمڕەوی فکری ئەوان دا بەرهەم نەیەت ئەوان بێ هیچ لێکدانەوەو شیکردنەوەیەك وەکوو هەر لاهوتی یەکی تر، یەکسەرەو بێ سێ و دوو هێڵی ڕاست و چەپی بەسەردا دێنن و دەست دەکەن بە پڕوپاگەندەی ژەهراوی و دژایەتی دەکەن. ئەو بزووتنەوە ڕیفراندۆمەی کە بزوتنەوەیەکی خۆبەخۆیی و جەماوەری فراوان بوو، چ لە کوردستان و چ لە دونیای دەرەوەو هێز و جەماوەرێکی بەرینی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو داوایەکی بەرهەق و ئینسانی هەبوو، کە ئەویش مافی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بوو، بە ویست و ڕەزامەندی دڵی خۆیان کە ئەمەش هیچ نی یە جگە لە شەرعیەتدان و بەرقەرارکردنی سەرەتاترین پرەنسیپی ئینسانی، کە گەڕانەوەیە بۆ تاك تاکی ئەندامانی کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی لە

بەرژەوەندی یەکانیانەوە چارەنووسی خۆیان و نەوەکانی ئایندەیان دیاری بکەن.
واتە لە یەك ڕستەدا ڕێزدانان و گەڕانەوەی حورمەتی ئینسانیانەی خەڵکی کوردستانە. ئێمەش وەکو ئەندامانێکی یەکێتی کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی

سۆسیالیستی لەم سۆنگەیەوە بەشداری ئەم جولانەوەمان کرد. ویستمان ئەم بزووتنەوەیە بە ئاقارە ڕاستەقینەکەی خۆی دا بەرین و نەهێلین جارێکی تر ناسیۆنالیزمی کورد نان و پیاز بە مەسەلە بەرهەق و ئازادی خوازەکانی خەلکی کوردستانەوە بخوات وەبیکاتە دەسکەلایەك بۆ بەدەستهێنانی مەوقیعیەتێکی زیاتریان. بەلام بە داخ و نیگەرانی یەکی زۆرەوە هاوکێشە سیاسی یەکان و یاری یە حیزبی یەکان و چوارچێوەو سنووری ئالوگۆڕەکان زۆر لە توانای ئێمە گەورەتر بوون.
هەر بۆیە ئێمە نەمان توانی ببین بە گەمەکەری سەرەکی ئەو بزووتنەوەیەو بەسەرئەنجامی حەق تەلەبانەی خۆی بگەیەنین.
بەلام هەلبەتە بۆ چەپێك لە چەشنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆی زەحمەتە لەم کار و خەباتە سادانە تێبگات، چونکە ئەو وا پەروەردەبووە کە هەموو جۆرە بزوتنەوەو بزاوتە داواکاریەکان ئەگەر لەگەل ستراتیژ و بەرنامەی سیاسی ئەواندا هاوجووت نەبێت ئەوا ئەمان شانی خۆیانی لێ خالی دەکەنەو تەحریمی دەکەن،نەك تەنها تەحریمی دەکەن، بەلکو تەکفیریشی دەکەن، ئەو تەکفیرەی کە شەمال ئیدیعا دەکات کە گوایە کۆمۆنیزمی کریکاری لە فەرهەنگی سیساسی خۆیدا سڕیوێتیەوە و نەیهێشتووە.
دواجار دەبێت ئەوەش بلێم ئەو بزووتنەوە ڕیفراندۆمەی کە سەرەتایەکی بێ لایەن و جوانی هەبوو، بەلام دواتر یەکێتی و پارتی لە هەولێکی بێوچانی خۆیان دا بەلاڕێیان دابرد و سواری شەپۆلی ئەو بزاقە بوون. ئەو دوو حیزبە وەکو مێژووی خەباتی سیاسی یان ئەم جارەش خۆیان کردەوە بە قەیم و سەردار و سەروەری خەلکی کوردستان و هیچ ڕێز و مافێکیان بە و خەلکە بەشمەینەت و ستەمدیدەی کوردستان بەڕەوا نەبینی، وەئەم بزووتنەوەشیان لە قالبی شۆڕشگێڕانەی خۆی خالی کردەوەو کردیانە چوارچێوەو هۆکار و پردێك بۆ تەعقیبکردن و بەسەرئەنجام گەیاندنی مەبەستە حیزبی یە بەرتەسك و چاوچنۆکەکانیان کە ئەویش هیچ نی یە جگە لە داپچڕین و بەدەستهێنانی مەوقیعیەتێکی زیاتر لە ئایندەی سیاسی عێراق دا.
ئێمە کۆمۆنیستەکان هەر لە سەرەتای بەشداری کردنمانەوە دەرکی تەواومان بەم هەول و تەقەلایانەی یەکێتی و پارتی هەبوو هیچ جۆرە خۆشخەیالیەك و سادە دلیمان بەرامبەریان نەبوو ، بەلام داخ و کەسەر گەمەکەرانی تری ئەم بزوتنەوەیە زۆر لە ئێمە بەهێزترو بەنفوزترو پڕ ئیمکانیەتر بوون کەئەمەش بۆ خۆی وای کرد ئەوان جلەوی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم بەدەستەوە بگرن و بەئاراستەیەکی بەرن کە جێی مەبەستی سیاسی خۆیان بێت. .بەلام لێرەدا یەك پرسیاری زەق ڕووبەڕومان دەبێتەوە کە ئەویش ئەوەیە ئایا هەر تەنها یەکێتی و پارتی یە کە دەیانەوێت هەموو بزوتنەوە جەماوەری یە بەرحەقەکانی خەلکی کوردستان خالی بکەنەوە لە ماهیەتی شۆڕشگێرانە و سەربەخۆیی خۆی؟؟ ئایا ئەوە تەنها یەکێتی و پارتی یە دەیانەوێت هەموو رێکخراوە جەماوەری سەربەخۆکانی خەلکی کوردستان لەکەدار بکەن و بیکەنە

داردەستێك بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستە سیاسی یەكانی خۆیان و بیكەنە پاشكۆی حیزبایەتی بەرتەسكی خۆیان؟؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕۆژژمێری ڕوداوەكانی كوردستان دەڵێن نەخێر ئەوە تەنها یەكێتی و پارتی نی یە بەڵكو خودی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراقیشە دەیەوێت بەهەمان سونەت و شێوەكارو هەڵوێستی حیزبایەتی لەچەشنی یەكێتی و پارتی لەخۆی بنوێنێ!! ئەوە حككع یشە لەهەوڵی بەردەوامی بێ پچڕانەوەیە كە وەك هێزە ناسیونالستەكان دەیانەوێت بزوتنەوە متاڵەبایەتی یەكانی خەڵك بكەن بە پاشكۆ و تەبەعیەت لە حیزبی ئەو بكەن. نموونەی زیندوشمان بۆ ئەوە لەباربردن و هەرەس پێ هێنانی یەكێتی بێكارانی كوردستان بوو لەساڵی 1994 كە ئەوكات حككع بەهەمموو توانایەك كە هەیبوو دەیویست ئەو بزوتنەوە بەرحەقەی بێكاران بكاتە پردو پەیژەیەك بۆ ئەوەی بەسەریدا تێپەرێت و بگاتە مەبەست و ئامانجە حیزبییە بەرتەسكاكانی. ئەو بزوتنەوە بێكارانەی كە لەسەراسەری كوردستاندا هەزارەها ئەندامی دەست قلێشاوو پشت چەماوەو دەموچاو ماندووی لەگەڵدا بوو، ئەو بزوتنەوە بێكارانەی كە سەرانی(بەرەی كوردستانی) ئەو كات ووتیان ( یەكێتی بێكاران) بۆمبی بەردەم دەسەڵاتی ئێمەیە. ئەو بزوتنەوە بێكارانەی كەخەڵكی بەشمەینەت و ستەم دیدە بەچاوی ئومێدو هیوابەخشەوە تێیاندەڕوانی، بەڵام بە نیگەرانیەكی زۆرەوە بەهەوڵ و توانایەكی زۆرو بەزەبرێكی بێ وێنەی ڕابەرایەتی حككع ئەو بزوتنەوە بێكارانەیان هەرەس پێ هێناو دەستەیەك لە هەڵسوڕاوان چالاكانی ئەو رێكخراوەیان لەخشتەبرد. سەرئەنجامیش یەكێتی بێكارانیان بەدولەتبوون و شەق كردن تەحمیل پێ كرد. ئەوكات ڕابەرایەتی حككع لەهەوڵی بێ ووچانی خۆیدا دەیویست یەكێتی بێكاران سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات و بیكاتە شوێنی مەحفەل و خانە حیزبی یەكانی، هەر ئەم دیدو گورزە كوشندەیەش بوو كە زەبری كاریگەری لەسەرجەم یەكێتی بێكاراندا و توشی ئەو دەردەی كرد كە نەدەبوو توشی ببوایە. ئەوە تەنها یەكێتی بێكاران نەبوو كە ئەو دەردو بەڵایەی بەسەر بێت بەڵكو سەرجەم ڕێكخراوە جەماوەری یەكانی دەیەی نەوەدەكانی سەدەی ڕابوردوو بوون توشی هەمان پەتای حیزبایەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری بوون.

ڕێكخراوەكانی لەچەشنی رێكخراوی كرێكاران و كارمەندانی خەستەخانەكان، كرێكارانی بیناسازی، ئاوارەكان،ژنان و كارگە ئەهلیەكان...هتد هەر هەموویان توشی پەتایەك بوون كە حككع بڵاوی كردبووەوە .هەر هەموویان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست داو بوون بە تابع و پاشكۆی حیزبایەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری و دواتریش تەبەخوریان كرد و نەمان.

ئەم نمونە كورتانەم تەنها وەك یاداشتێكی نزیك بە خۆمان باس كرد بۆ ئەوەی بڵێم كە ئەوە تەنها یەكێتی و پارتی نی یە لەهەوڵی خشتەبردن و خاڵی كردن و بە

پاشکۆکردنی بزوتنەوە جەماوەری یە ئازادیخوازو و سەربەخۆکانە ، بەڵکو دەبێت لەپاڵ لیستی یەکێتی و پارتی دا ناوی حککع یش بنوسین.
بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش کە باسمان کرد، ئایا بەراست ئەوە ئێمەبووین یاخود حککع بوو خۆشخەیاڵ و تەوەهومیان هەبوو بەرانبەر بە یەکێتی و پارتی؟؟ئاخر دیسانەوە ڕۆژژمێری ڕووداوەکان پێچەوانەی قسەکانی شەماڵمان بۆ دەردەخات، ئەوە ڕابەرایەتی حککع بوو پێ ی وابوو کە دەبێت تەحالف لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بکرێت بۆ لێدان و پاککردنەوەی هێزە ئیسلامی یەکان!! ئەوە لیدەری حیزبەکەتان نەبوو پەیامی دەست خۆشانەی بۆ جەلال تاڵەبانی دەنارد سەبارەت بەئاڵوگۆرپێدانی قانونی ئەحواڵی شەخسی !! ئاخر هەر ئەو خۆشخەیاڵی و تەوەهومانە بوو کە بە یەکێتی نیشتمانیتان هەبوو بەو شوێنەی گەیاندن کە یەکێتی دەستێکی چەپەڵتان لێ بوەشێنێت و ژیانی پێنج مرۆڤی بێ تاوان بکوژێنێتەوە، وە چالاکی ئاشکراتان قەدەغە بکات، هەرچی نوسینگەو ئیزگەییکیش کە هەتان بوو پێتان دابخات!!! ئەرێ بەڕاست پاش ئەو هەموو ڕاستییانەی باسم کرد کام لایەنمان خۆشخەیاڵ بووە بە ناسیونالیزمی کورد؟؟
خاڵێکی تر کە احمد معین پێشتر لە نووسینەکەیدا ئاماژەی پێ کردبوو تناقوزات و هەڵبەزو دابەزو ناجێگیری هەڵوێستی سیاسی حککع بوو سەبارەت بە مەسەلەی میللی و ستەمی نەتەوەیی ، هەر ئەم ئامازەکردنەش وای لە شەماڵ کردووە زۆر نیگەران بێت و بارۆمەتری ڕق و کینەی ڕوو لەسەر بێت و هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات و بکەوێتە ڕیزکردنی ڕستێك لە ناڕاستی چەواشەکاری .
نەك بۆ هەر چاودێرێکی ووردو جدی بەڵکو بۆ ڕێبوارێکی ڕێگوزەر و خێراش کە چاوی بە ئەدەبیاتی حککع خشاندبێت دەزانێت کە لەو مەوریدەدا لەچ سەرەگێژەیەکی سیاسیدا دەژین و چۆن هەرجارەو بە ئاوازێك هەڵدەپەڕن، هەموو کاتێکیش 180 پلە هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن و کیفی جارانی خۆیان فرێ دەدەن، ئیتر ئەمە بووە بەسیماو تایبەتمەندی حککع سەبارەت بە مەسەلەی کورد و ستەمی میللی... جارێك بانگەوازو بەیاننامە دەردەکات و دەقیژێنێ کە ئیتر خەڵکی کوردستان ستەمی نەتەوایەتیان لەسەر نەماوە ، هەر پاشماوەییکی کورت لەم هەڵوێستەی خۆیان بێ هیچ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەو خوێندنەوەیەکی تازە پاشگەز دەبنەوەو لینگەوقوچ هەڵویستیان دەگۆڕن. جارێك دەڵین دەبێ خەڵکی کوردستان جیابێتەوەو کەمپینی ڕیفراندومە گیان لەبەرنەبووە مردووەکەیان بەدەرزی ئایدۆلۆژی زیندوو دەکەنەوەو هەڵڵاو هەرا ساز دەکەن. جارێك دەڵێن دەوڵەتی نەتەوایەتی لە ژێر سایەی ئاڵوگۆڕەکانی گلۆبالیزەیشن دا سەردەمی بەسەرچووە، کەچی جارێکی تر دەڵێن دەبێت خەڵکی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن!!!
سەبارەت بە کەرکوکیش، ئەوە بەغەیری پێکەنین و قاقا زیاتر ناتوانی هیچیان لەسەر بڵێین، چونکە قسەی وا سەیرو سەمەرە دەکەن کە لە قوتوی هیچ عەتتارێکدا

نییه ...جارێك دەڵێن كەركوك شاری برایەتی یە ، جارێكی تر دەڵێن شاری ئینسانییە و شتی لەم بابەتە عەجاییبانە كە ئەویش هیچ نیە بەغەیری لاسایی كردنەوەیەكی ساویلكەو مندالانەی یەكێتی و پارتی (كە یەكێكیان دەڵێ كەركوك دڵ و ئەویتریشیان دەڵێ قودسی كوردستانە) ، ئەویش نە بەخاتری ئەوەی ئەو كێشەو برینە قوڵە چارەسەر بكەن كەلەسەرئەوشارە سازكراوە، بەڵكوبەخاتری ئەوەی مەسەلەی كەركوكیش وەكو هەموو مەسەلە ڕەواكانی خەڵكی كوردستان بكەنە هۆكارو ڕێگایەك بۆ مەبەستە سیاسیە بەرتەسكەكان و دەسكەوت و نفوزی حیزبی پێ بچننەوە ... ئاخر كەركوكێك ئەوساو ئێستاشی لەسەر بێت كێشەو برینە سارێژنەكراوەكانی كەماكان وەك خۆی ماوە، كەركوكێك كە دیموگرافییەتی لەبنەچەوە تێكچووە شێوێنراوە ناكرێت قسەیەكی پێ لەهەوای چەشنی ئەوەی كەركوك شاری ئینسانی كۆتایی بە هەموو گرفتەكان بهێنێ. وەك ووتم ئەم ڕێگاچارەیەی حككع بۆ گرفتە قوڵ و بەرینەكەی كەركوك تەنها و تەنها شایستەی پێكەنینە... لەهەرحاڵدا بیروبۆچوون و میتۆدی حككع سەبارەت بە مەسەلەی میللی، چەوسانەوەی خەڵكی كوردستان و شاری كەركوك قسەی زۆر هەڵدەگرێت ئینسان دەكرێت تا ئەو شوێنەی پێویستی كرد لەكات و فرسەتی گونجاو و تایبەتدا سەرنج و بۆچونەكانی خۆی بڵێ.

شەماڵ دەنوسێت(حككع گەورەترین حیزبی چەپی كۆمەڵگای عیراقە ) من پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە دا كە ئەم قەڵەم بەدەستانەی كۆمۆنیزمی كرێكاری تا زیادتر بنوسن دەستەكەی خۆیان زیاتر ئاشكرا دەكەن، هەتا ببێژن مەعدەنی ڕەسەنی خۆیان چاكتر دەردەخەن. ئەوەتا ئەمجارەش شەماڵ بەو نیوەدێرەی كە نوسیوێتی كۆڵێك تناقوزات و چەواشەكاری و تێكەوڵێكەی سیاسی خۆیانی كەشف كرد.

حككع دەیووت:- كۆمەڵگا لەریشەوە هەڵكێشراوە، هەڵپەسێردراوە دەبێت ئێمە كۆمەڵگا نۆرماڵ بكەینەوەو سوكانی بەرەوپێشچوونی بەدەست خۆمانەوە بێت . حككع دەیووت :- ئێمە دەبێت لەهێزی سێهەمەوە ببین بە هێزی یەكەم، حككع دەیووت:- دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بگرینە دەست، حككع دەیووت:- دەبێت ڕەهبەرانی حیزبیمان سەرشوناس بن و ببن بە بەڕێوبەرانی ئەسڵی كۆمەڵگا، حككع دەیووت:- دەبێت ناسیونالیزمی كورد لاواز بكەین و نەیهێڵین، حككع دەیووت:- دەبێت ئەوان بڕۆن وئێمە بمێنینەوە.... ئەمەو لەگەڵ چەندەها (دەبێت و دەبێ ی تردا) بەڵام هەرهەموو ئەم (دەبێیانە) لووتی دای بەدیواری واقعداو هیچیان بۆ یەكجاریش چییە بەری نەگرت!!

دوای ئەو هەموو شیعارە زل وبریقەدارانە تازەبەتازە ئەویش (**بعد الخراب البصرة**) شەماڵ پێمان دەڵێت حككع گەورەترین حیزبی چەپی عیراقە!! ئی باشە كوا تبدیل بونتان بەهێزی یەكەم، كوا گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیتان، كوا دوا مۆری ئێوە بە ئاڵوگۆرەكانی كۆمەڵگای عیراقەوە....؟؟؟؟

کوان و لە کۆین دارێژەران و نەخشەکێشەرانی سیاسەتە گشتییە نەزۆکەکانی حککع ؟؟ کۆمەڵگایەکی وەك عیراق نوقوم بووە لە کۆنەپەرستی سیاسی کەچی شەماڵ تازە دێت و شانازی بەوە دەکات و شانی خاڵی خۆی بەوە بادەدات کە گوایە حیزبەکەی جەنابیان گەورەترین حیزبی چەپە لە عیراقدا!!! کەسێك ئاستی هۆشیاری و میتۆدی لێکدانەوەی دەربارەی کۆمەڵگا و پەیوەندی حیزب پێ یەوە ئەوەندە نزم و سەتحی گەراییانە بێت ناکرێت چاوەروانی قسەیەکی باشترلێ بکرێت..
شەماڵ لە نوسینە پڕ ناڕاستیە دوو لاپەرەیی یەکەی دا بۆ ئەوەی جامی غەزەبی خۆی بە سەر یەکێتی کۆمۆنیستەکان قلّپ کاتەوە هەر جار نا جارێك دەڵێت( احمد معین و

جەماعەتەکەی_ جەماعەتەکەی احمد معین)، لە ڕاستی دا ئینسان شەرم دایدەگرێت بچێتە ئەو ئاستە نزمەوە و وەڵام بەم تڕوهات و خوزەعبەلات و ووشە تەوهین ئامێزانە بداتەوە. ئەمە چ فەرهەنگ و کولتورێکی دواکەوتوانەیە کە بەم جۆرە نزم و دەمپیسی یەوە قسە بکەیت؟؟ ئەمە چ مۆراڵێکی نوسینە کە خۆی خزاندۆتە ناو گەندەڵترین بیروڕاوە؟؟ ئەوە چ ویژدانێکی ناتەندروستە کە پەنا بەریتە بەر ناشیرینترین شێواز بۆ ئەوەی سوکایەتی و بێ حورمەتی بە بەرامبەرەکەت بکەیت. بەڵام من هەر لە سەرەتاوە ووتم وتووێژکردن لە گەڵ فەرهەنگ و میتۆدی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە شوێنێك دا گیر دەخۆی کە مەیل و ئارەزووی خۆتی لەسەرنی یە، بۆیە وەك ناچاری یەکی پێویست وەڵام بە و تەوهینە دەدەمەوە هەتا بتوانم ئاست نزمی و فەرهەنگ دواکەوتویی و بێ مۆراڵیی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئاشکراتر بکەم.شەماڵ لەبەر ئەوەی پەروەردەی دەستی کۆمۆنیزمی کرێکاری یەو خودی ئەو بەناو کۆمۆنیزمەش بە غەیری میتۆدی جەماعەت و جەماعەتکاری و مەحفەل و مەحفەلسازی و گروپ و گروپ سازکردن لە دونیای فکر و مەعریفەدا هیچی تر فێر نەبوون.ئاشکرا و ڕۆشنە قوتابیەکان و دەرویێشەکانی لە چەشنی شەماڵ بە هەمان دید و بۆچونەوەوە گۆشکرابێتن و لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە تەڵخ و ناشرینەدا هیچیتیر شك نەبەن... ئاخر ئەمە هەمان فەرهەنگ و قسەی یەکێتی و جەلال تاڵەبانی نەبوو کە بە خودی ئێوەی دەووت جەماعەتەکەی مەنسووری حیکمەت دوکانۆچکەیەکیان لە سلێمانی داناوە ؟؟ بەڕاستی کراسێکی باشتان لە قوماشەکەی یەکێتی نیشتیمانی دادڕیوە، دەك پیرۆزتان بێت ئەم فەرهەنگە پڕ بایەخ و بەرزە!!!
دوا جار دەبێ بپرسین بۆچی یەکێتی کۆمۆنیستەکان، دەبێ جەماعەتی ئەحمەد موعین بن؟؟ ئاخر لە ناو یەکێتی کۆمۆنیستەکان خۆ تەنها ئەحمەد موعینی تێدا نی یە؟! ئەگەر ئەوەندە داخ لە دڵ و دەروون ڕەشن لەبەر ئەوەی ئەحمەد موعین لەسەری نوسیوون، ئاخر خۆ دیسانەوە ئەوە تەنهائەو نەبوو لەسەر ئێوە بنووسێ، بەڵکوو لەناو یەکێتی کۆمۆنیستەکان چەندها کادر نووسینی پڕ بەپێز و بە نرخیان لە سەر هەڵسەنگاندنی کۆمۆنیزمی کرێکاری نووسیوە... هەر لە سەرەتای کۆنگرەی یەکەمی

حیزبتانەوە کە هیچ نەبوو جگە لە سیناریۆیەکی ڕووکەشی بۆ بەرهەم هێنانەوەی ڕابەرایەتی بێ لیاقەتتان، ئەو کات کۆمۆنیستهایەك کە ئێستا کادری ئێمەن، بابەتی قوڵ و بەپێزیان لەسەرتان نووسی، لە کاتی ڕوو بە ڕووبەڕووبوونەوەکەتان یان ڕاستتر بڵێم لە کاتی هەڵاتنەکەتان دا لە بەرامبەر یەکێتی دیسانەوە کادیرەکانی ئێمە هەڵسەنگاندنێکی مارکسیستانەیان کرد و نووسینی بە پیتیان لە سەرتان نووسی.

هەروەها لە مەوریدی جۆراو جۆریشدا کاتێك حککع پڕکێشی و سەرەڕۆیی دەکرد و کەمپینی ژەهراویانەی لەدژمان بەکار دەخست ، لەو سەر و بەندەشدا هاوڕێیانی ئێمە لە بڵاوکراوە ئاشکرا و ڕەسمیەکانمان دا بە لیاقەتێکی بەرزی سیاسی و بەفەرهەنگێکی مۆدێرنانەو شارستانیانەدا وەلامیان دانەوەوەو بەریان پێگرتن.وە ئەم دواییانەش کاتێك بزوتنەوە ملیۆنی یە بەرفراوانیەکەتان واتە کۆمۆنیزمی شەخسیەتها تووشی داخوران و لێکهەلپچڕانێکی تر بوو، دیاسانەوە سێ کادیری ڕێکخراوی ئێمە دەستیان دایە قەڵەم و زۆر بە کورتی بەلام بە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتێکی گەورەوە هەندێك سەرەقەڵەمیان لەسەرتان نووسی، چونکە مەوریدی جیابوونەوەکەتان هەر شایستەی ئەو سەرەقەڵەمانە بوو نەك زیاتر!!

سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانەش کە باسم کرد ئیتر نازانم بۆ چی شەماڵ مانی گرتووەو پێ لەئەرز دادەکوتێ و هاوار دەکات(جەماعەتەکەی احمد معین)؟؟

دیارە دەزانم شەماڵ و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حککع کوێیان دێشێت بۆیە وا شێت و هار بوون و چاویان بەرایی نادات ڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکان ببینن.

بەدەر لە هەموو ئەمانەش کە باسم کردن، ئایا بەڕاست ئەوە ئێمە و ئەحمەد موعینین کە جەماعەت و جەماعەت کاری دەکەین یاخود ئەوە خودی شەماڵ و حیزبەکەی شەماڵە هەر خەریکی جەماعەتکارین؟؟ ئاخر ئەوە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حککع بوو کە پێیان وابوو دەبێت برادەرانی ڕابەرایەتی حیمایەی چەکداری چەندسەدنەفەرییان لە پشت بێت!! ئەوە حیزبە جوانەکەی شەماڵ بوو پێی وابوو، سۆسیالیزم لە ڕێگای لانتگرۆزەر و لوولەی بی کەی سی و دەبڵ مەخزەنەوە دادەمەزرێت!! ئەوە ڕەهبەری یە بێ توانا سیاسی یەکەی شەماڵ بوو، پێی وابوو قسەی زل چەکی زلی دەوێت!! ئەوە ڕەهبەرە نەناسراوەکەی حیزبەکەی شەماڵ بوو کە پێی وابوو دەبێت هەموو دەمانچەی چواردەخۆر بە لاقەدیان دا ببەستن بۆ ئەوەی وەك سەرانی ناسیۆنالیستی کورد دەرکەون!! ئاخر ئەوە لیدەرەکەی حیزبی شەماڵ بوو پێی وابوو، بە هێزی چەکداری خۆی دەتوانێت شورا دروست بکات و بەرگریشی لێ بکات!! هەموو ئەمانە تایبەتمەندی و سیما گشتی یەکانی (جەماعەتکاری یە).ئیتر شەماڵ لە پای چی ووشەی جەماعەت و جەماعەتکاری بە ئێمە دەفرۆشێت.بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەنگی خۆی لەدەست داوەو پرۆسەی بیرکردنەوەی تێك چووە،هەر بۆیە ناتوانێت دەستنیشانی بنەماکانی ( جەماعەتکاری) بکات، ئەگینا نەدەکەوتە ئەو چاڵەوە کە بەدەستی خۆی هەڵی کەندووە...

خاڵێکی تر کە شەماڵ بە تەنزئامێزانەوە تانەمان تێدەگرێت و گوایە ئێمە ماوەیەك بانگەوازی دروستکردنی حیزبمان کردووە کەچی دواتر بە یەکێتی کۆمۆنیستەکان ڕازی بووین!!! لە ڕاستی دا ئەو بابەتانەی کە پەیوەندن بە حیزب و حیزبیەت و چۆنیەتی شکڵ گرتن و سەرهەڵدانی ئەحزابی کۆمۆنیستی بابەتهایەکی گرینگ و قوڵ و بێ سەرئێشە نی یە و یەکێکیشە لەو مەسەلە کۆڵەکەییانە کە لەدونیای سیاسەتدا ئەزمونێکی زۆری تێدا بە سەرەنجام گەیەندراوە. لەبەر ئەوەی چوارچێوەو قەوارەی ئەم نووسینەی من مەحدودەو ناکرێت لێرەدا بە درێژایی بچمە سەر ئەو بابەتانە، بەدەر لەمەش هاوڕێ یانی ئێمە لە ئەدەبیات و نووسراوە ڕێکخراوەیی یەکانمان دا بە میتۆدێکی مارکسیستانەو هاوچەرخەوە بەدیدێکی ڕۆشن و بە بەرچاوڕوونی یەکی زۆرەوە لێکدانەوەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، بەتایبەت بابەتەکانی کۆنفرانسی دووی ڕێکخراومان یەکێك لە برگەسەرەکی یەکانی ئەم مەسەلە حەساس و گرینگە بوو. هەرکەسێکیش بیەوێت هەڵوێست و دید و ڕوانگەی ئێمە سەبارەت بەم بابەتە گرینگانە بزانێت بابچێت چاوێکی کراوە بە ئەدەبیاتی ئێمە بخشێنێت و لەوێشەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئێمە چ جیاوازی یەکی قوڵ و ڕیشەییمان لەگەڵ میتۆدو بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەیە.لە هەر حاڵ دا من لێرەدا ناچار بەوە نیم هەموو ئەو مەسەلانە جارێکی تر باس کەمەوە، بۆیە ئێستا تەنها بەوە ئیکتیفا بەوە دەکەم کە وەلام بە توانجە زۆرناشرین و ناماقوڵەکەی شەماڵ بدەمەوە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمیشە پێچەوانەی ئەوبانگەشەیە بوون کە بۆخۆیانی دەکەن، کە گوایە بزووتنەوەیەکی بەرفروان و بەرینی کۆمەلایەتین و هەڵقولاوی ناو چینی کرێکارانن، بەلام ڕاستی ڕووداوەکان و ڕۆژژمێری ژیان وتاقیکردنەوەی ئەزمونەوەکەیان ڕێك پێچەوانەی ئەم بانگەشەیەی دەرخستووە کە ئەوان دڵی خۆیانی پێ خۆش دەکەن...

کۆمۆنیزمی کرێکاری هیچ نی یە جگە لە ڕەوتێکی موجەڕەد و زهنی گەرایی و ڕووکەشیانە کە لەدواجاردا بنەمای بۆچون و لێکدانەوەکانیان لە ئاوەزێکی خاڵی یەوە ڕەوانەی جیهانی مادی و واقیعی دەکەن و لەوێشەوە کە لە دونیای زیندوو

بەجووڵە ئەم بۆچونە ناوەرۆك بەتالانەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە وەکو تەنێکی نامۆ بەلەشی خۆی ڕەتی دەکاتەوەو دەیدات بە دیواری ڕەق دا... هەر ئەم هۆکارە ڕاستەقینەشە کە هیچ یەکێك لە پرۆژەو نەخشەکارەسیاسی یەکانیکۆمۆنیزمی کرێکاری بەرناگرێت و تووشی نەزۆکی دەبێت.لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەهۆی ئەوەی کە زهن گەرایانەیەوپشت بە هیچ ئیستیدلال و مەلموسیەتی زیندوو نابەستێت بۆیە هەردەم پلاتفۆرمە سیاسی یە مەقتەعیەکانیان بستێك ناچێتە پێشەوەو نابێت... سەوز

بەم پێ یە تێڕوانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ حیزب و دروستکردنیشی هەر لەسەر هەمان میتۆد بنیات دەنرێت، کە میتۆدێکە سەد دەر سەد پێچەوانەی تێفکرین و ڕوانگەی مارکسیستانەیە. بۆ ئەوەی ئەم قسەیەمان هەروا فڕە نەدەین وبێ بەڵگە قسە نەکەین تازەترین تەجرەبەیەك کە ئێستاش هەڵمی لێ بەرزدەبێتەوە، دامەزراندنی حیزبی براگەورەکەی شەماڵە واتە (حیزبی حیکمەتیست)....ئەو حیزبەی کە هیچ موستەلزەمات و پێداویستی یەکی زەمانە داوای دروستبوونی نەدەکرد بەڵام شەڕی خەلافەت و هەڵپەرستی و مەوقیع پاراستن قوڕاسیی یەکی گەورەی لە هۆشی ڕابەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دروست کردبوو، هەربۆیە لە هەوڵێکی زۆر نەشاز و سەیرو سەمەرەدا حیزبێکی عەجاییبیان دروست کرد، ئەو حیزبەی کە دەبێت بچێتە عاجبایەتی هەشتەمی دونیایەوە...ئێمەش وەکو یەکێتی کۆمۆنیستەکان دەمانتوانی وەك حیکمەتیستەکان لە هۆڵێکداکۆ ببینەوەولەسەرەوە ئیراد بکەیەن و بە بەیاننامەیەك ئیعلانی حیزبێکی عەجاییبمان بکردایە.بەڵام مەخابن ئێمە ئەوەمان نەکرد، بەڵکو وەکو تایبەتمەندی هەمیشەییمان نامەسئولانە و سەتحی و زهنی گەراییانە مامەڵەمان لەگەڵ ئەم مەسەلە حەساس و چارەنوسسازە نەکرد، بەڵکو هاتین دەستنیشانی خاڵە لاوازی یەکانی چینی کرێکاری عێراقمان کرد، سەیری جێگا و شوێنی مەیلی خەباتکارانەی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکاری عێراقمان بە ووردی کرد، پایەی کۆمەڵایەتی ئەم مەیلەو ڕەگ داکوتان و سوننەتی شۆڕشگێڕانەی بۆ ئێمە گرینگی یەکی حەیاتی هەیە. نەدەکرا ئاستی خەباتی فکری و سیاسی ئەو چینە لەبەرچاو نەگرین، نەدەکرا هەموو ئەو وەرچەرخان و پاشەکشە مێژووییانەی کە بەسەر چینی کرێکاری عێراق هێنراوە بە هەند وەرنەگرین، بێگومان هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری یان هەیە لەسەر شێوەی ئارایش و کاری کۆمۆنیستی...هەمووئەم هۆکار و برگە جیاجیانەی چینی کرێکار قورسایی خۆیی هەبوو بەسەر رێکخراوەکەی ئێمەوە، هەر بۆیە دەبوایە خوێندنەوەیەکی کراوەترو گونجاوترو پێ لەزەویترمان بۆ بکردایە، ئێمە بەو سەر ئەنجامە لۆژیکە گەیشتین لە ئێستایەکدادەست بۆ چوار چێوەو رێکخراوێك بەرین کە لە حاڵی حازردا شیاوترین و کار سازترین هۆکاری خەباتکارانەی دەستمان بێت...بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ وا لێك بدرێتەوە کە گوایە ئێمە پشتێنی ڕاحەتیمان لێکردۆتەوەو تەماحی سیاسی ئەوەمان نی‌یە کە حیزب پێك بهێنرێت، نەخێر وانی‌یە و هەرکەسێکیش لێکدانەوەیەکی لەو جۆرەی لەسەرمان هەبێت ئەوە بەغەیری ساویلکەیی خۆی ناتوانێت هیچی تر بەیان ناکات. ئاخر نەدەکرا ئە و مقەومات و موستەلزەماتە مادیانە لەبەر چاو نەگریت کە حیزبی کۆمۆنیستی لەسەر بنیات دەنرێت، ئەمە بەمانای چاوپۆشی کردن نی یە لەو هەوڵ و کۆششانەی کە مەیلی سۆسیالیستی نێودەروونی چینی کرێکار بە شێوازی جۆراو جۆر تاکو ئێستا لە خۆی نیشان داوە. بەڵکو بەمانای ئەوەیە کە ئەم هەوڵ و تەقەلایانە لە ئاستێکی لاواز و نزم دایە، سەرەڕای هەر خاڵ پرشنگداری یەك و

هەنگاو هەڵگرتنێك لەو ڕاستایی یەدا، بەڵام هێشتا بە پێ ی پێویست کافی نی یە بۆ دامەزراندنی حیزبی ئەو مەیلە. بەڵێ هۆشیاری و توانایی و ئامادەیی سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێستایەکدا لە نزمترین ئاستیاندا بونیان هەیە و ناکرێت بە زۆرەملێ یانە و ئیرادەگەریانە شانی لەسەر دا بگریت و حیزبی لەسەر بنیات بنێیت.ناکرێت ڕووبینا و ژێربینای کۆمەڵگایەکی پڕ ئاڵوگۆڕی لە چەشنی عێراق نەبینیت و هەروا سەرەڕێیانە تێی بڕوانیت وە پێت وابێت حیزب بەهەر نرخێك بووە هەر دابمەزرێت....

پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست بە بڕوای من جگە لەوەی پێداویستی یە هاوکاتیش بوونی زەمینەی واقیعی و فاکتەری مادی یە. ئایا ئەمە بە مانای ڕاسپاردنی بنیادنانی حیزبە بۆ ئایندەیەکی ناڕۆشن و نادیار؟؟ هەرگیز نەخێر بەڵکو زۆر بەسادەیی مانای قوڵ لێ هەڵماڵین و کۆکردنەوەوەی هێزەکان و بەرینکردنەوەی ئەزموونەکان و فراوانکردنەوەی ئاسۆی خەبات و ناسینەوەی تواناکان و دانی ڕەهەندێکی بەربڵاوترە بە ئاستی خوێندنەوەکان. لە دوا جاریش دا ئەمانە هەمووی بەسەر یەکەوە وەك پرۆسەیەکی هاوئاهەنگ و لێك هەڵپێکراو و تۆکمە دەردەکەوێت بۆ زەمینە سازکردن و دەستەبەرکردنی ئەو حیزبە کۆمۆنیستەی کە وەك ستادی ڕابەرایەتی چینی کرێکار و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك خۆی نیشان دەدات.بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوانگە و لێکدانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری زهنی یە و هەربۆیە ناتوانێت تەواوی ئەم مەسەلە گرینگانە لەبەر چاو بگرێت. بۆ کۆمۆنیزمی شەخسیەتها فکر سەرچاوەو بنەمای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستە نەك پراکتیکیکۆمەڵایەتی چینی کرێکار. لە دیدی ئەوانەوە ئەوە فکرە دەتوانێت ناوکی لە دایکبوونی حیزب ببڕێت نەك پراکتیکە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە زیندووەکانی چینەکە... لە دوا لێکدانەوەدا ڕەوتێك کە ناوی لە خۆی ناوە کۆمۆنیزم و ووشەی کرێکاری یەکیشی بەزۆر لە خۆی لەحیم و چەسپ کردووە، شیکردنەوەکانی ئەو ڕەوتەبۆ جێگا و ڕێگای خەباتی چینایەتی لە چوارچێوەی جموجۆڵی خودی چینەکانەوە هەڵنەهێنجراوە، بەڵکو لە تەحلیلە بێ بناغەیی یە فکری و زهنی یە پا لەهەواکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

پڕ ئاشکرایە ڕەوتێك ئەمە نەخشەو پرۆسەی بیرکردنەوەو کاری سیاسی بێت بە غەیری حیزبێکی غەرائیبی دنیا لە چەشنی حیزبی حیکمەتیست هیچی تری لێ ناکەوێتەوە. ڕەوتی کۆمۆنیزمی حیکمەتیست دەرك و تێڕوانینەکانی لە دەرەوەی دیاردەو جوڵانەوەو یاساکانی کۆمەڵگاوە سەرەلەقێ دەکات...بەڵێ ڕاستە ئێمە ئامانجی خۆمان بەوە دیاری کردبوو کە حیزبێکی کۆمۆنیستی خەباتگێڕی دەرك ڕۆشنی ئامادەبوو لە مەیدانەکانی خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی دا پێك بهێنین، بەڵام فەراهەمکردنی زەمینە سیاسی و فکری و ڕێکخراوەیی یەکان و پێداویستی یەکانی حیزبێکی لەو چەشنە تە نها لە ئیرادەی ئێمەدا قەتیسی نەخواردبوو، بەڵکوو چەندەها فاکتەر و هۆکاری بابەتی لە پرۆسەی بنیاتنانی ئەو حیزبەدا دەوری جدی و واقیعی دەگێڕن کە بەشێکیانم تەنها وەك سەرخەت لێرەدا باس کرد.بەمانایەك ئەوە

تەنها دەرك و ئیرادەو بڕیاری لەسەرەوەی ئێمە نەبوو كە دەبوایە هەر حیزب پێك بهێنین، بەڵكو لە دەرەوەی بڕیارو ئامانج و ئیرادەی بە هێزی ئێمەش زۆر فاكتەری سەرەكی و گرینگتر هەبوون كە ڕێگری جدی بوون بۆ دەست ڕاگەیشتنمان بەو حیزبە.

بارو دۆخی شێوێنراو و پڕ تەنگەژەی سیاسی عێراق و ئەو ئاڵ و گۆڕە ڕیشەیی یانەی كە ئەو كۆمەڵگایە تیایدا دەگوزەرێت، ئاستی هۆشیاری و ئامادەیی یەكانی چینی كرێكار، كێشەو گرفتە گەورەو سەرەكی یەكان و پەرش و بڵاوی كۆمۆنیستەكان و بەرچاوناڕۆشنیان لە مەیدانەكانی خەبات دا لەگەڵ چەندەها هۆكاری خۆیی و بابەتی هەموو ئەمانە نەدەكرا بەلاستیكێكی زهنگەراییانە لەسەر ئەرزی واقیع دا بسڕینەوەوەو لە بەرچاوی نەگرین و حیزب پێك بهێنین...ئەگەر بۆ بنیاتنانی حیزبێكی كۆمۆنیست ئەو فاكتەرە گرینگ و شادەمارە سەرەكی یانە لەبەر چاو نەگریت ، ئەوا دڵنیام ڕۆژی لەدایك بوونی حیزبەكەو ڕۆژی مرنەكەی هێندەی یەك كاریگەریان دەبێت لەسەر كۆمەڵگا...

خاڵێكی گرینگ كە لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ بكەم ئەویش ئەوەیە كە ئیعتیرافێكی ئازایانەو نەترسانانە بكەین و دان بەوە دا بنێین كە ئێمەش ماوەیەكی زۆر لە تەمەنی سیاسیمان بەهەدەر ڕۆیشت لەبەر ئەوەی خۆشخەیاڵیمان بە میتۆدەكاتی كۆمۆنیزمی كرێكاری هەبوو، وە وقورسایی لەسەر زهن و مێشكمان دانابوو، ئەمەش بۆخۆی یەكێك بوو لەو شاگرفتانەی كە ڕێگری سەرسەخت بوون لەوەی ئامانجەكانمان، ئاسۆی كاركردنمان و بەرچاومان ڕۆشنتر بێت... ئەمە ئەو هۆكارە كوشندەیە بوو كە هەریەك لە ئێمە بە جۆرێك لە جۆرەكان لە بڕگەیەكی دیاریكراوی تەمەنی سیاسی خۆماندا باجەكیمان بە زیادەوە دا.بەڵام هەرچۆنێك بێت پاش قوربانی یەكی زۆر و بەهەواداچوونی ئێنرژیەكی لەڕادە بەدەر و لە كاركەوتنی خانەهایەكی زۆری لەشمان دواجار توانیمان لە پرۆسەیەكی سیاسی هەمەلایەنەدا لە نەشتەرگەری یەكی قوڵ و درێژخایەندا ئەو ڕەگی دەماری میتۆدە زهنگەرایی و زیانبەخشە لە ڕیشەوە لە جەستەی سیاسیمان دا هەڵكێشین و توانیمان لێكدانەوەكانمان بەسەرەنجامی مەنتیقی خۆیانیان بگەیەنین.سەرەنجام پاش كەمێك سارێژبوونەوەی ئەوبرینە قوڵەو ئەو ئازارە بە ناسۆرەی كە لە ئەنجامی ئەونەشتەرگەری یە سیاسی یەدا لە جەستەمان كەوتبوو، توانیمان و وامان بە دروست زانی لە حاڵی ئێستادا بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو فاكتەر و هۆكارانەی كە ئاماژەم بە كورتی پێدا، توانایی یەكانی خۆمان لە چوارچێوەی لە چەشنی ( یەكێتی كۆمۆنیستەكان لە عێراق) گرد و كۆو قایمتر بكەینەوە بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانج و ئارمانە سیاسی یەكانمان.

دواجار لە كۆتایی ئەم نوسینەدا دەبێت ئەوە بڵێم كە زۆر بابەت و چەمكی كۆمۆنیزمی كرێكاری هەیە مرۆڤ لە سەری بدوێت و قسەی درێژتری لەسەر بكات بەڵام بە داخەوە ژیان فرسەتی ئەوەما ن پێ نادات كە هەموو ژیانی شەخسی و سیاسی

خۆمان تەرخان بکەین بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمۆنیزمی کرێکاری. ئەو بەناو کۆمۆنیزمەی بە غەیری ڕوحییەتی دوژمنکارانە، بەغەیری لێکدانەوەی ساویلکانە، بە غەیری دانی شیعاری ڕووتی ئایدیۆلۆژی، بەغەیری پێ لەهەوا بوون و بێ پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هیچی تر نی یە... بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەمانەش ئەگەر لە لایەن ئەوانەوە وەك پیشەی هەمەجارەیان بێ تەربیەتی سیساسی یان نواند و بێحورمەتی یان بەئێمە کرد و دەستیان بۆ نەنگترین ڕێگا برد، ئەوکات ئێمەش ناچارین بەهەر ڕێگایەك کە پێمان باشە بەریان پێ بگرین و لە شوێنی خۆیان دا بیانوەستێنینەوە.من دەزانم و باش دەرکم بەوە هەیە کە هەر وتووێژ و پلمیکێکی سیاسی لەگەل کۆمۆنیزمی کرێکاری دا هیچ کۆمەکێك بە لێك نزیکبوونەوەی سیاسی ناکات و هەرگیزیش دەڕوازەیەك بە ڕووی کار و هەڵسوڕنی هاوبەشمان دا ناکاتەوە، وە خودی منیش چاوەڕوانیەکی لەو چەشنەم لێ یان نی یە و چاك دەزانم کە ئەوان بە چ بۆچونێکی نهلیستیانە و بوغز لە دڵانە و ڕوح ڕەشانە مامەڵە لەگەڵ نەیاران و بەتایبەت لەگەڵ ( یەکێتی کۆمۆنیستەکان) دەکەن.

لە کۆتایی دا زۆر گرینگە ئەوە بڵێم کە شەماڵ و لەچەشنی شەماڵ و خودی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حاڵی ئێستادا کە بەغەیری قسەو قەڵەمە ئاست نزمەکەیان هیچی تر شك نابەن کەچی وا هێرشی بەردەوام و ناڕەواو ناحەزانە دەکەنە سەر نەیارانی سیاسی خۆیان!! ئەی باشە ئەگەر ئەمانە دەسەڵات و توانایان هەبێت (کە من پێم وایە هەرگیز نایان بێت) چ ڕۆژڕەشی و دەردە سەری و نەهامەتی یەك بەسەر ڕەخنەگران و نەیارانی خۆیان دەهێنن؟؟ ئیتر وەڵامی ئەو پرسیارە ئەگەری یە لێدەگەڕێین بۆ خوێنەری هۆشیار کە خۆی وەڵامی بداتەوە...